ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## ناردنی پەڕگەکانی وێبگە لە فرۆنتپەیجەوە بۆ ڕاژەکار.

نووسەر: Aso Naderi

@: Aso.Naderi@Gmail.Com

وەك بۆ وێبگە دروستکەرێك ڕوونە کە پاش دروستکردنی پەڕە و بەشەکانی دیکەی وێبگە لەسەر کۆمپیوتەر/ Locally، پێویستە ئەو پەڕە و پەڕگانە بنێرنە سەر ڕاژەکار یان دۆمەین بۆ ئەوەی خەڵکان دیکە بتوانن بیبینن.
بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە لە زۆربەی کاتەکاندا پێویست دەکات کە پرۆگرامێکی پەڕگە گواستنەوە لە/بۆ ڕاژەکاری FTP هەبێت بۆ گواستنەوەی پەڕگەکان لە کۆمپیوتەرەوە بۆ سەر ڕاژەکار.
لە فرۆنتپەیج دا ئەو کارە گرنگە لە بیر نەکراوە و وەك بەشێکی ناوخۆیی پرۆگرام دروست کراوە، و بۆ گەیشتن بە ئەو بەشە لە لیستەی File دا Publish Site کرتە بکە.
بەکار بردنی ئەو بەشە پێویستی بە هیچ پرۆگرامێکی دەرەکی نیە.




پاش کرتە کردنە سەر Publish Site, پەنجەرەی تایبەت بە ڕێکخستن و نووسینی زانیاری ڕاژەکار دەکرێتەوە.




وەك لە وێنەی سەرەوە ڕوونە چەند شێوازێکی پەڕگە گواستنەوە هەیە کە پرۆگرامەکە توانای کارکردنی لەگەڵیان هەیە، لەوانە FTP کە زۆربەمان بەکاری دێنین و زۆر ئاسایی ترە لەوانی دیکە.

پاش هەڵبژاردنی جۆری گواستنەوە واتە FTP، لە خانەی Remote Web site location ڕێوشوێنی وێبگەکەت بنووسە، واتە ئادرەسی FTPـی وێبگە/ دۆمەین.

لە خانەی FTP Directory دا بوخچەی تایبەت بە شوێنی پەڕگەکانت لەسەر ڕاژەکار بنووسە، بۆ نموونە زۆر دۆمەینێك بوخچەی یەکەمی بۆ پەڕگەکان public_htmlـە، بەڵام ئەوە لە دۆمەین و ڕاژەکارێکەوە تا دەنکێکی دیکە جیاوازە.

پاش ڕێکخستنی ئەو زانیاریانە، OK کرتە بکە.

پەنجەرەی تایبەت بە نازناو و وشەی تێپەڕبوونی چوونە ژوورەوە بۆ سەر ڕاژەکار دەکرێتەوە،




زانیاری تایبەت بە چوونە ژوورەوە بۆ سەر ڕاژەکار بنووسە، پاشان OK کرتە بکە.




پاش کەمێك چاوەڕوانکردن، پەنجەرەی Remote Web site دەکرێتەوە، کە هاوشێوەی وێنەی سەرەوە دەبێت.
A: پەڕگەکانی پاشەکەوت کراو و ئامادەی سەر کۆمپیوتەری خۆت کە دەتەوێ بیاننێریتە سەر ڕاژەکار.
B: بوخچە و پەڕگەکانی سەر ڕاژەکار.
بۆ گواستنەوە پەڕگەیەك لە کۆمپیوتەری خۆتەوە بۆ سەر ڕاژەکار کرتە بکە سەر هێمای شینی ڕوو لە بەشی تایبەت بە ڕاژە کار. یان بە پێچەوانەوە بۆ داگرتن لە ڕاژەکارەوە بۆ نێو کۆمپیوتەر.
کۆتایی.

---

Jan 2006 29

## Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت